KCCRC

Islamic Studies

# بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەیی

## خوێندنەوەیەك بۆ یەكێك لە گرنگترین سەرچاوەكانی بیری ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی




زنجیرە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان ١٤١

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# بەڕێوەبردنی بێسەروبەرەیی

## خوێندنەوەیەك بۆ یەكێك لە گرنگترین سەرچاوەكانی بیری ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی

بەختیار ئەحمەد ساڵح

زنجیرە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان ١٤١

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

٢٠٢١

# بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەیی

## خوێندنەوەیەك بۆ یەكێك لە گرنگترین سەرچاوەكانی بیری ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی

بەختیار ئەحمەد ساڵح

### پێشەکی

پڕ مەترسیدارترین کتێبەکان، ئەو کتێبانەن کە هەوڵدەدەن دیدێکی شیکاری گشتیی و تەواوکارت پێ ببەخشن بۆ شیکردنەوەی تەواوی ئەوەی کە لە دەوروبەرت دەگوزەرێت لە ڕووداوە سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و مێژووییەکان بەبێ خستنەڕووی میتۆدێک وەک بنەما بۆ ئەو شیکاریی و جیهانبینییە، کتێبی (بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەیی/ادارة التوحش) یەکێکە لەو کتێبانە. ئەم کتێبە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی بیرکردنەوەی ڕێکخراوە سەلەفییە جیهادییەکانی هاوشێوەی ڕێکخراوی قاعیدە و ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی. ئەم کتێبە نەخشە ڕێگایەکە بۆ کاری سەربازی و شەڕ لە بواری پراکتیکدا و لە کاتێکدا بڵاوکراوەتەوە کە جوڵانەوەی سەلەفی جیهادی لە ناوچەکە بە گۆڕانکاری ستراتیژیدا گوزەری دەکرد کە بریتی بوو لە گواستنەوە لە شەڕی (دوژمنی نزیک) ەوە بۆ شەڕی (دوژمنی دوور) واتە گواستنەوە لە شەڕی سیستەمە سیاسییە عەرەبییە ئیسلامییەکانەوە بۆ شەڕی ڕۆژئاوا بە گشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بە تایبەتی١.

بێسەرەوبەرەیی بیرۆکەی سەرەکی ئەم کتێبەیە، نووسەر کاتێک کە باس لەم وشەیە دەکات مەبەستی حاڵەتێکە لە بێسەرەوبەرەیی کە ناوچەیەک دەگرێتەوە دوای ئەوەی کە دەوڵەت دەسەڵاتی بەسەردا نامێنێت. ژیان لەم دۆخەدا پڕمەترسی دەبێت لەبەر ئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دەکەونە دۆخێکی نەخوازراوەوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو حاڵەتە و ئامادەکاری بۆ دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی، پێویستە ئەو جوڵانەوە جیهادییە بە باشی ئەو ناوچەیە بەڕێوەبەرێت تا هەموو شتێک جێگەی خۆی دەگرێتەوە. نوسەر پێی وایە کە بەڕێوەبەردنی بێسەرەوبەرەیی وەک بەڕێوەبردنی کۆمپانیایەکی بازرگانی نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە جیهانێک داین کە بەهۆی بوونی سامان و چاوچنۆکی هێزە جیاوازەکان و سروشتی مرۆڤایەتی، زیاتر یاسای جەنگەڵ تیایدا باڵادەستە و دانیشتوانەکەی پێویستی بە کەسێکە کە ئەم بێسەرەوبەرەییە بەڕێوەبەرێت و بەلاشیانەوە گرنگ نییە کە لایەنە باشەکە ئەو ناوچەیە بەڕێوەدەبات یاخود لایەنە خراپەکە، ئەڵبەتە ئەگەر لایەنێکی خراپ ئەو ناوچەیە بەڕێوەببات، زیاتر ئەو ناوچەیە بەرەو بێسەرەوبەرەیی دەڕوات.

### بێسەرەوبەرەیی چی دەگەیەنێت؟

کاتێک کە دەوڵەت دەڕوخێت، ماوەیەک بێسەرەوبەرەیی باڵ دەکێشێت و وڵات بە یاسای دارستان بەڕێوەدەبرێت، لێرەوە ڕێکخراوە بچوکەکان کۆدەبنەوە بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی گەورە بۆ بەڕێوەبەردنی بێسەرەوبەرەیی بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێک کە بیری ڕێکخراوەکەی تیادا زاڵ بێت، ئەگەر کارەکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەوە شتێکی باشە، بەڵام ئەگەر سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا ئەوا لەسەر ڕێکخراوەکە پێویستە کە بێسەرەوبەرەیی زیاتر بهێننە ئاراوە لەبەرئەوەی زیادەڕەوی لە بێسەرەوبەرەیی باشترە لەوەی کە بکەوینە ژێر دەسەڵاتی حوکمێکی ستەمکارەوە.



KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

بیرۆکەی بێسەرەوبەرەیی، بیرۆکەیەکی کۆنە و لە ئەلمودەوە وەرگیراوە، ئەلمود هانی بێسەرەوبەرەیی دەدات وەک بنەمایەک بۆ تێکدانی سیستەمی کۆن و دروستکرنی جیهانێکی نوێ لە بەرژەوەندی جولەکەکان. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم بیرۆکانە نزیکن لە بیرۆکەی ئەنارشیستەکان ئەوانەی کە باسیان لە حەتمییەتی ڕوخانی دەوڵەت دەکرد بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی باشتر.

ناوچەکانی بێسەرەوبەرەیی بۆی هەیە گوند، شەقام، ئەنانەت گەڕەکێک بێت هەروەک لە شەڕەکانی سوریا و ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای عێراق بەدیکرا

> **کتێبەکە بە دیدێك دەستپێدەكات هاوشێوەی دیدی چەپە نوێكانە سەبارەت بە ژیان، كاتێك كە جیهان دابەشدەكات بەسەر دوو جەمسەردا.**

کاتێک کە چەکدارەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی توانیان دەست بە سەر شەقام و چەند گوندێکدا بگرن، ڕووبەری ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ڕووی لە زیادبوون کرد و زۆر بە خێرایی سەرۆکهۆز و ئەفسەرەکانی پێشووی سوپای عێراق و گەورە فەرمانبەرەکانی پارێزگاکانی موسڵ، ئەنبار و سەلاحەدین بەیعەتیان دا بەخەلیفەی نوێی ڕێکخراوەکە و پێوەی پەیوەست بوون. ئەو ناوچانەی کە هەڵدەبژێردرێت وەک ناوچەی بێ سەرەوبەرەیی پێویستە ئەم خەسڵەتانە لە خۆ بگرێت:

١. لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی.
٢. بوونی ڕەوتی ئیسلامی جیهادی لە ناوچەکە.
٣. سروشتی خەڵکی ناوچەکە.
٤. بڵاوبوونەوەی چەک بەدەست خەڵکییەوە.

## مێژووی کتێبەکە

کتێبی (بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەیی) لە ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە و لە لایەن کەسێکەوە نوسراوە بەناوی (ئەبوبەکر ناجی). ئەگەر چی زانیاری زۆر لەسەر نووسەرەکە بەردەست نییە و دڵنیا نیین لەوەی کە ئەوە ناوی ڕاستەقینەی نووسەرەکە بێت، بەڵام بەپێی گریمانەکان پێدەچێت ئەم کتێبە یا لەلایەن (سەیفولعەدیل)ی ئەفسەری پێشوو لە سوپای میسر و بەرپرسی هەواڵگری لە ڕێکخراوی قاعیدە یا لەلایەن چەند کەسێکی پەیوەندیدار بە ڕێکخراوی قاعیدەوە نوسرابێت٢، سەرباری ئەوە ئەم کتێبە ناوبانگی زۆری بەدەستهێناوە لەنێو نێوەندە سەلەفی و جهادییەکاندا. ئەم کتێبە کە لە ١١٢ پەڕە پێکهاتووە و باس لەو حاڵەتە دەکات کە لە دوای نەمانی دەسەڵاتەوە دروستدەبێت لە شوێنێکی دیاریکراودا دواتر دێتە سەر ئەوەی کە چۆن ئەو شوێنە بەڕێوە دەبرێت تا ئەو کاتەی کە دەوڵەتی ئیسلامی تیادا بەرپا دەکرێت، هەروەها ئەم کتێبە باس لەڕێگەکانی شەڕی جیهادیەکان دەکات دژ بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی تا ئەو جێگەیەی کە ناچاریان دەکات پاشەکشێ بکەن٣. بە پێی زانیارییەک ئەم کتێبە لە لایەن هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان دۆزراوەتەوە و دواتر وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم کتێبە بەر لە جیابوونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕێکخراوی قاعیدە نووسراوە. بەپێی زانیارییەکان، نێوەندی دژە تیرۆر لە کۆلێژی (وێست پۆینت) ئەم کتێبەی کردووە بە ئینگلیزی و دواتر دابەشی کردووە بەسەر زۆرێک لە بەرپرسان لە



KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

ئیدارەی ئەمەریکی و هەندێک لە ئەفسەرەکانی سوپا و دەزگاکانی هەواڵگری لە ئەمریکا دوای ئەوەی چەند نامەیەکی دەستکەوت کە ئاڕاستەی بن لادن کرابوو کە ناوەڕۆکەکەی چەند بەشێک بووم لەم کتێبە٤. ئەم کتێبە ئەلکترۆنییەی کە بەپێی هەندێک زانیاری بە دەیان ملیۆن نوسخەی لێ داگیراوە، بۆ چەکدار و نەخوێندەوای ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و ڕێکخراوەکانی تر نەنووسراوە کە جگە لە سەربرین و قامچی لێدان و کڕین وفرۆشتنی (سەبییە) شتێکی دیکە نازانێت، بەڵکو بۆ سەرکردە و تیۆریسیۆنەکانی ئەو ڕێکخراوانە نووسراوە٥ .

> **لە قۆناغی بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەییدا، ڕاکێشانی کەسانێك لە دەرەوەی ناوچەکانی بەڕێوەبردنی ترس بایەخی زۆری هەیە، سەرەتاش لە ڕێگەی پڕپاگەندەوە ئەو کارە ئەنجام دەدرێت**

**قۆناغەکانی گەیشتن بە دەوڵەتی ئیسلامی**

دەوڵەتەکان بە سێ قۆناغدا گوزەر دەکەن بۆ گەیشتن بۆ دەوڵەتی ئیسلامی:

١. قۆناغی شەکەتکردن و ڕەتاندن: قۆناغی پێش ڕووخاندنی دەوڵەت، لە ڕێگەی گروپ و شانەکانەوە چالاکی دەکرێت دژ بە دەوڵەت لەو ڕێگەیەوە دەسەپێت بەسەر دەوڵەتدا کە پاسەوان و بودجەی زیاتر ئامادە بکات بۆ پاراستن و بەم شێوەیە دەوڵەت شەکەت دەکرێت تا ئێچووی زیاتر فەراهەم بکات بۆ پاراستنی ئاسایش و بێسەرەوبەرەیی سەرهەڵدەدات.

٢. قۆناغە ڕووخاندنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی بێ سەرەوبەرەیی: دوابەدوای قۆناغی هەرەسهێنانی دەوڵەت دێت و لێرەدا نە یاسا و نە ئاسایش بوونیان نامێنێت و ڕێکخراو هەڵدەستێت بەو کارانە بە شێوەی بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەیی.

٣. قۆناغی دروستبوونی دەوڵەتی خیلافە: ئەمەش دواقۆناغی گەیشتنە بە دەوڵەتی ئیسلامیی.

**ناساندنێکی خێرای بەشەکانی کتێبەکە**

کتێبەکە سەرەتا بە پێشەکییەک دەست پێ دەکات لەسەر ئەو سیستەمەی کە لە سەردەمی سایکس بیکۆوە جیهان بەڕێوە دەبات، دواتر دێتە سەر باسی هێزی درۆیینەی وڵاتە زلهێزەکان و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەو بارەیەوە، سێ بەشی دواتری کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ پێناساندنی بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەیی و مێژووەکەی، دواتر ڕێگەکانی گەیشتن پێ و گرنگرین ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە پێویستن بۆ شەکەتکردن و ڕەتاندنی دوژمن بەگشتی و ئامانجەکانی قۆناغی بێسەرەوبەرەیی بە تایبەتی.

کتێبەکە بە دیدێک دەستپێدەکات هاوشێوەی دیدی چەپە نوێکانە سەبارەت بە ژیان، کاتێک کە جیهان دابەشدەکات بەسەر دوو جەمسەردا. لەو سیستەمەدا ئەواوی دەوڵەتەکان بەدەوری ئەو دوو جەمسەرەدا دەسووڕێنەوە کاتێک کە بەرژەوەندییەکی هاوبەش دروست دەبێت لەنێوان دەسەڵاتی دەوڵەتێک و یەکێک لە جەمسەرەکاندا. بێگومان ئەگەر چی ئەو پۆلێنبەندییانە، هەڵقوڵای بیری چەپە و لەلای نووسەر بە کافر ئەژمار دەکرێت، بەڵام دیارە نووسەر پێی وایە دەکرێت سوود لە دیدیان وەربگیرێت بەو پێیەی کە بەئاگاترن لەوەی کە لە جیهانی سەرمایەدارییدا دەگوزەرێت.

ئەم کتێبە بە باسی ئەوە دەستپێدەکات کە چۆن ئەم گەلە دابەشبووە بەسەر چەند کۆمەڵەیەکدا

و هەر کۆمەڵەیەکیش پەیڕەوی لە پرۆگرامێکی تایبەت دەکات بۆ هەستانەوە سەرپێ. دواتر دێتە سەر باسی ئەو گروپ و ڕێکخراوانەی کە لە کاتی بڵاوبوونەوەی کتێبەکە چالاک بوون لەوانە: سەلەفی جیهادی، سەلەفی ڕابوون، جوڵانەوەی ئیخوان، جوڵانەوەی ئیخوانی تورابی، جوڵانەوەی جیهادی میللی و جوڵانەوەی حەماس و بەرەی ڕزگای مۆرۆ و ... هتد٦. دواتر نووسەری کتێبەکە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو گروپ و ڕێکخراوانە دەکات و باس لە خاڵە لاواز و بەهێزەکانیان دەکات. دوای ئەو پێشەکییەش نووسەر دێتە سەر خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکەی کە لە ژێر ناوی (بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەیی ... ترسناکترین قۆناغەکە ئەم نەتەوەیە پیایدا گوزەر دەکات). نووسەری کتێبەکە دەڵێت کە قۆناغی داهاتوو پرمەترسیدارترین قۆناغی ئەم نەتەوەیە دەبێت و ئەگەر بێت پیایدا گوزەر بکەین، ئەوا دەتوانیین بگەیت بە دەوڵەتی ئیسلامیی. ئەوەی ئێمە لەم خوێندنەوەیەدا زیاتر ڕۆشنایی دەخەینە سەر ئەو وانانەیەکە کە کتێبەکە دەیخاتە ڕوو بۆ سوود لێ وەرگرت لە دامەزراندنی خیلافەت دا.

لە بەشی یەکەم و دووەمدا، نووسەر باس لە گرنگترین ئەو یاسا و سیاسەتانە دەکات کە بە پێی ئەوە پلانی کار بەڕێوەدەچێت و ئامانجەکانی قۆناغەکە بەدەست دێت کە ئەویش قۆناغی ڕەئاندنە. نووسەر لەم بەشەدا باسی کارامەبوون دەکات لە هونەری بەڕێوەبردندا، دەڵێت هەموو فەرماندەیەک بەڕێوەبەر نییە و هەموو بەڕێوەبەرێکیش فەرماندە نییە، ئەڵبەتە نووسەر هەوڵدەدات کە هەموو فەرماندەیەک بەڕێوەبەر بێت نەوک بە پێچەوانەوە.

لە بەشی سێیەمدا باس لە پشتبەستن بە یاسا سەربازییەکان دەکات تا بتوانرێت لە ڕێگەیانەوە پرۆسە سەربازییەکان بە ئاسانی بەڕێوەبەرێت و تیایدا نووسەر دەڵێت: سوپاکان گەر کۆببنەوە کۆنترۆڵ لەدەست دەدەن و گەر بڵاویش ببنەوە کاراییان لەدەست دەدەن. لە گرنگترین ئەو یاسا گرنگانەش کە پایەی شەڕەکانی ڕابوردوو ئێستا بوون و زاناکانی بواری ستراتیژی و مێژوونووسەکانیش زۆر لە بارەیانەوە قسەیان کردووە ڕەوشێکە گەر کاری جیهادی پەیڕەوی لێبکات دەتوانێت تەواوی دوژمنەکانی بشکێنێت، ئەویش ڕەئاندنی دوژمنە لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە، بێگومان کە دەوترێت ئابووری مەبەست لە تێچووی پرۆسە سەربازییەکانە ئەڵبەتە لەگەڵ ڕەوش گەلێکی دیکە وەک کردنە ئامانجی ژێرخانی ئابووری٧.

لە بەشی چوارەم نووسەر باس لە بەکارهێنانی ئەوپەڕی هێز دەکات و دەڵێت بەکارهێنانی ئەوپەڕی هێز لەدژی کافرەکان لە شەڕەکاندا زۆرێک لێی ئێناگەن بە تایبەت ئەوانەی کە هیچکات بەشداری شەڕیان نەکردووە.

لە بەشی پێنجەم نووسەر بە درێژی باسی هاوپشتی دەکات لە ڕووی باوەڕ و یەکگرتووییەوە کە تیایدا تاک لە پێناو کۆمەڵدا خۆی دەکات بەقوربانی کۆمەڵیش لە پیناو تاکدا خۆی دەکات بە قوربانی.

لە بەشی شەشەمدا باس لە یاساکانی گەمەی سیاسی ڕکابەرەکان و چۆنییەتی وەستانەوە دەکات لە ڕووبەڕوویدا. لە بەشی حەوتەم نووسەر باس لە جەمسەرگیری، کارایی لە هونەری بەڕێوەبردن و ڕاگەیاندن دەکات .لە بەشی هەشتەم نووسەر یاساکانی پەیوەستبوون ئاسان دەکاتەوە بە تایبەت ئەو کاتانەی کە دوو ناوچە لەو ناوچانەی کە بە شێوەی بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەریی بەڕێوە دەبرێت، دەلکێنرێن بەیەکەوە.

لە بەشی نۆیەم نووسەر باس لە کارامەیی لە لایەنی ئاسایش و دزەکردنە ناو بەرەی دوژمن و نەیارەکان دەکات بە تەواوی جۆرەکانیانەوە.

لە بەشی دەیەم نووسەر باس لە پرسی کارامە یی و پەروەردە و فێربوون دەکات. لە دوا بەشی کتێبەکەش نووسەر باس لە چۆنییەتی ماڵەکردن دەکات بەرامبەر بەو ڕێگرییانەی کە دێتە سەر ڕێ.

## گرنگترین وانەکانی کتێبەکە

### پێناسەی زاراوە:

١. دوای ئەوەی کە جیهانی عەرەبی و ناوچەکە بووە بە پاشکۆ و ملکەچی (ئەمریکا و ڕوسیا)، سەرکردەکانی ناوچەکە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیان نەماوە. وڵاتانی وەک ئەمریکا و ڕوسیا ناتوانن دەستبگرن بەسەر هیچ وڵاتێکدا گەر وڵاتەکە بۆخۆی ملکەچی ئەو هێزانە نەبێت بە ویستی خۆی.

٢. بەڕێوەبەردنی ناوچەکانی بێسەرەوبەرەییش بە سادەیی بەمانای ئەوە دێت کە پارێزگاری لە ئاسایش بکرێت و بە پێی شەرع حوکمڕانی بکرێت و پێداویستییەکانی دانیشتوان لە خواردن، چارەسەر و خوێندن دابین بکرێت و سنوورەکان بپارێزرێت لەبەرامبەر هەرکەسێکدا کە هەوڵبدات هێرش بکاتە سەر ناوچەکە، سەرباری بەهێزکردنی هێڵی بەرگری. ناوچەکانی بێسەرەوبەریی گوند، ناوچە، شار یاخود بەشێکی گەورە لە شار دەگرێتەوە.

٣. قۆناغی بێسەرەوبەرەیی قۆناغێکی پرمەترسییە کە موسوڵمانان پیایدا تێپەردەبن و هەر لێرشەوەیە کە ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە گرنگی پەیدا دەکات بەوە پێیەی کە ئەگەر بێت و سەرکەتوو بێت، دەتوانێت ببێتە سەرەتایەک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی چاوەڕوانکراو.

### پێناسەی زاراوەی نەمانی ژیاری

گەندەڵی لە بیروباوەڕ و دەوڵەت، دارمانی ئاکار، زۆربوونی ستەمی کۆمەڵایەتی، بڵاوبوونەوەی دیاردەی ڕابواردن و کاتبەسەربردن ڕێگە خۆش دەکات بۆ کەوتنی دەوڵەتی ناوەندی تەنانەت گەر خاوەنی هێزێکی گەورەی سەربازیش بێت. لێرەوە ڕۆڵی چالاککردنی هۆکارە نوستووەکانی لەناوبردن دەردەکەوێت کە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١. بەرەوڕووبوونەوەی سەربازی بە مەبەستی شە کە تکر د ن .

٢. ڕووبەڕووبوونەوەی میدیای دەوڵەتی ناوەندی و گۆڕینی ئەو بیرۆکەی کە دەڵێت هێزی دەوڵەتی بالادەست هیچ کات شکست ناهێنێت.

٣. لاوازکردنی ئابووری لە ڕێگەی لێدان لە ژێرخانی ئابووری کە لەگەڵیدا ناداپەروەری کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات و دواتر بە هۆیەوە کێشە دەکەوێتە ناو هێزە سیاسیەکان. ئەگەر باری بژێوی کز بێت قەیران دروست دەبێت و دزەگەورەکان دەردەکەون.

٤. زیندووکردنەوەی بیروباوەڕی جیهادی لەناو دڵی گەلانی موسوڵماندا.

### پێداویستییەکانی بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەیی

١. بوونی قوڵایی جوگرافی: بوونی قوڵایی جوگرافی پێویستە بۆ هەر ناوچەیەک کە بویسترێت لەرێگەی بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەییەوە بەڕێوەببرێت.

> **رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بەشێکی زۆری ئەو ڕێنمایی و تێبینیانەی کە لە کتێبی (بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەریی) دا هاتووە جێبەجێکردووە و دەیکات.**

٢. لاوازی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بەسەر ناوچە کەناراویەکاندا.

٣. بوونی ئەوزمی ئیسلامی بەهێز لەو ناوچانەدا.

٤. سروشتی دانیشتوانی ئەو ناوچانە و ئاستی ئامادەییان.

٥. بڵاوبوونەوەی چەک و بوونی لەدەستی دانیشتوانی ئەو ناوچانە.

## قۆناغەکانی بەڕێوەردنی بێسەرەوبەرەیی

### ١. قۆناغی شەکەتکردن:

ا. لە ڕێگەی کۆمەڵە و شانەی جوداوە ئەنجام دەدرێت لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا تا بێ سەرەوبەرەیی بێنە ئاراوە لەو ناوچانەی کە مەبەستە، بەڵام لەو ناوچانەی کە نێوەندگەرای دەوڵەت تیایدا بەهێزە هیچ کارێک ئەنجام نادرێت. لەم قۆناغەدا هەوڵدەدرێت کە هێزی سەربازی دەسەڵات شەکەت بکرێت و هەوڵەکانی پەرتەوازە بکرێت بە ئەنجامدانی چالاکی تەنانەت گەر بچوکیش بێت و کاریگەری کەم بێت.

ب. ڕاکێشانی گەنجان بۆ کاری جیهادی لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکی جۆریی بە شێوەی ناوبەناو.

ج. دەرهێنانی ناوچەیەکی دیاریکراو لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەت و جێبەجێکردنی پلانی بەڕێوەبردنی بێ سەرەوبەرەیی.

د. ڕاهێنانکردن بە ئەندامی کۆمەڵەکان تا لە ڕووی دەروونییەوە ئامادە بن بۆ پرۆسەی قۆناغی بەڕێوەبردنی بێ سەرەوبەرەیی.

٢. قۆناغی بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەیی: هەمان ئەو خاڵانەی پێشوو و خاڵێکی دیکەی پێ زیاد دەکرێت ئەویش ئەوەیە کە یەکە کارگێرییەکان مەشق پێدەکرێن تا بتوانن دەوڵەت دابمەزرێنن.

٣. قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەت.

## پلانەکان بۆ پەلکێشکردنی ئەمریکا و وڵاتە هاوپەیمانەکان

بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و وڵاتە ئەوروپیەکانی هاوپەیمانی لە وڵاتە موسوڵمانەکان بە هێرشی جۆری لە پێناو شکاندنی هەیبەتی ئەمریکا لەلای ئەو وڵاتە ئیسلامیانەی کە هاوپەیمانە لەگەڵیدا، لە بەرامبەردا ئەمریکا تۆڵەدەکاتەوە و هێزەکانی دەهێنێتە ناوچەکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە و ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ بەهێزکردنی هەستی بەرگری لەلایەن وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەت گەنجان.

## هەڵبژاردنی ئامانجەکان: ئەو ئامانجانەی کە پێویستە جەخت بکرێتە سەری:

١. لێدان لە ئامانجە ئابووریەکان بە تایبەت نەوت، دەبێت پێشبینی هێرشی ڕاگەیاندنی دژیش بکرێت کاتێک کە ئەنجامدەران بە پیاوی بێگانە دادەنرێن کە ئامانجیان لاواز کردنی دەوڵەتە، پێویستە بە بەردەوامی وەڵامی ئەو هێرشانە بدرێتەوە.

٢. بەئامانجگرتنی ئابووری وا دەکات کە هێزە سەربازییەکان پاشەکشێ بکەن بۆ پاراستنی ئابووری و بەمەش بێ سەرەوبەرەیی زیاتر دەبێت و دەرفەتی زیاتر دەخوڵقێنێت بۆ زیاتر بوونی ناوبانگی موجاهیدەکان.

٣. کەسایەتیی دیاری خێزانی کەسانی یەکەمی دەسەڵات، سیاسییەکان، دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری.

٤. بیانییەکان.

٥. شوێنەکانی کاتبەسەربردن.

تێبینی: دەسەڵات هەوڵدەدات کە باشترین هێز بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئامانجە گرنگەکان دابنێت و ئەمەش وا دەکات ژمارەی هێز کەم بکات لەو ناوچانەی کە کەمتر گرنگە و ئەگەر هەشبێت لاواز دەبن و فەرماندەیەکی بەهێزیان نابێت، دواتر ئەم هێزە ئامانجێکی ئاسان دەبێت بۆ هێرش کردنەسەر.

## بنەما سەرەکییەکانی کاری هەڵمەتی میدیایی

١. پلانێکی میدیایی دابنرێت کە تیایدا پاساوی شەرعی بهێنرێتەوە بۆ تەواوی ئەو چالاکیانەی کە ئەنجام دەدرێت بە مەرجێک کە پلانەکە زۆر بە ڕوونی بخرێتە ڕوو و هەندێ جاریش دان بنرێت بە ئەنجامدانی هەڵە تیایاندا.

٢. پلانەکە دەبێت هاوشانی قۆناغی بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەیی بێت و تیایدا لیژنەکان پلان دابنێن بۆ ڕاکێشانی گەنجان بۆ هاتن بۆ ناوچەی بێسەرەوبەرەیی بەبیانووی ئەوەی کە ناوچەکە پێویستی بە پارە و چەکدارە (دوای دەست گرتن


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

بەسەر موسڵدا، ئەم پلانە میدیاییە جێبەجێکرا ).

٣. لەگرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی سیاسەتی میدیایی ئەوەیە کە بەرهەمەکان بگات بەدەست ئەوانەی کە مەبەستن.

## هونەری بەڕێوەبردن

لە گرنگترین ئەو یاسایانەی کە دەبێت پەیرەو بکرێت لە قۆناغی شەکەتکردنی دوژمن و دواتر لە بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەییدا ئەوەیە کە :

١. لەکاتی تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی دا پێویستە موجاهیدەکان ناوچەکانی بێسەرەوبەرەیی بەڕێوەبەرن وەک حکومەتێکی بچوک و ڕێگە بە گەڕەلاوژێ نەدەن.

٢. شارەزابوون لە هونەری بەڕێوەبردن بەمانای فێربوونی چۆنییەتی دروستکردنی لیژنەکان و دابەشکردنی پسپۆڕی لە کارەکان دێت .

٣. سەرەتا ئەوانەی کە ئەزمونی لە پێشتریان هەیە پێشدەخرێن تا ئەوان هەست بە ئامادەکردنی نەوەی دووەم، دیارترین ئەو کەسانەش کە هەڵدەبژێردرێن بۆ فێرکردن خوێندکاری زیرەک و لێهاتوو دەبن ئەوانەی کە لە داهاتوودا دەتوانن پۆستی هەستیار بگرنە دەست (ڕێکخراوی قاعیدە و دواتر داعش زۆر سوودیان لە کەسانی بە ئەزمون و خاوەن ئاقیکردنەوە وەرگرتووە وەک ئەفسەرەکانی ڕژێمی بەعس).

## بەڕێوەبەر، سەرکردە

١. بەڕێوەبەر یاخود کارگێڕ: کەسێکە کە شارەزای هونەری بەڕێوەبردنە و دەکرێت دابمەزرێنرێت لە کەرتی دارایی یاخود خۆراک بە بێ ئەوەی کە نهێنی بکەوێتە بەردەست.

٢. فەرماندە: ئەو کەسەیە کە جێگەی متمانەی ئەواوەتییە لەناو ڕێکخراو و نهێنی دەپارێزێت. بێگومان فەرماندە نهێنی زۆری کارەکە دەزانێت. هەندێک لە فەرماندەکان بڕیاری سیاسی دەدەن و هەندێکیشیان بڕیاری شەرعی، هەربۆیە دەبێت دەرگای بواری کارگێڕی بۆ ئەو کەسانە بخرێتە سەر پشت کە توانایان هەیە لەو بوارەدا، بەڵام فەرماندە ئەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە متمانە پێکراون، دەبێت دەزگایەکی ئاسایش هەبێت بۆ چاودێریکردنی کاری سەرکردەکان تا کاری دزەکردنی زانیاری ئەنجام نەدرێت.

## بنەما سەرەکییەکانی بنکە سەربازییەکان

١. ئامانجی پرۆسە سەربازییەکان پێویستە هاوسەنگی هێزی دەوڵەتەکان بکاتە ئامانج بە پێی ئەم بنەمایە (ئەگەر هێزەکان کۆبوونەوە و لە شوێنێکادا سەنتەریان گرت، کۆنترۆڵ لەدەست دەدەن و ئەگەر بڵاوەشیان پێکرا کاراییان لەدەست دەدەن).

٢. کارکردن بە بنەمای بەوپەڕی تواناوە لە لاوازترین خاڵی دووژمن بدە.

٣. کاتێک کە بۆ چەندین جار شوێنێک دەکرێتە ئامانج، هێزی سەربازی زیاتر لەو شوێنە کۆدەبێتەوە، قەبارەی ئەو هێزەش بە پێ سروشت و قەبارەی شوێنەکە هەڵدەبژێردرێت، هەربۆیە هێزی پەلاماردەر دەبێت خۆی کات و شوێنی هێرشکردنەکەی بسەپێنێت و سروشت و قەبارەی ئەو هێزەی کە لە شوێنەکەدا جێگیرە لە بەرچاو بگرێت.

٤. هێزەکان تا زیاتر بڵاوەپێبکرێن، زیاتر کاراییان لەدەست دەدەن و ئاسانتر دەتوانرێت پەلامار بدرێن، هێزی پەلاماردەر دەبێت پەلاماری زۆرترین ئامانج بدات و سەرەتا لە ئامانجی بچوکەوە دەست پێ بکات و لەناوچەی دوور لە یەک هێرشەکان ئەنجامبدات تا زیاتر ببێتە مایەی پەرتەوازەکردنی هێزی دوژمن.

٥. بنەمای هەرەسپێهێنانی ویستی شەڕ: هیشتنەوەی هێزی دوژمن لەژێر گوشار و هەڕەشەی بەردەوامدا هاوکار دەبێت بۆ ئەوەی کە هێزی دوژمن پشوودرێژی خۆی لەدەست بدات و پەنا بەرێتە بەر هێرشی بێ بەرنامە. ئەم جۆرە هێرشانەش زیانی زۆری بە دواوە دەبێت و دواجار ناچار دەبێت پاشەکشێ بکات.

٦. ئاستی پرۆسە سەربازییەکان: بەرزبوونەوەی

ئاستی ئەنجامدانی پرۆسە سەربازییەکان ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە هێزی جوڵانەوەکە ڕووی لە هەڵکشانە و هێزی دەوڵەت ڕوو لە پاشەکشێ.
٧. هەڵکشانی پرۆسەکان ڕەنگە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بێت و دواتر بگۆڕدرێت بۆ ڕێژەیەکی جێگیر یاخود وێنەی شەپۆلگەلێک بێت بە پێی گۆڕانکارییەکان.

## بنەماکانی سیاسیەتی ڕاکێشانی هێز و لایەنەکان

١. ڕاکێشان: ڕاکێشانی گەلان بۆ شەڕەکانی ڕێکخراو بە شێوەیەک کە دابەش دەبن بەسەر سێ لایەندا (لەگەڵ ڕێکخراو، دژ بە ڕێکخراو و بێلایەن). لە قۆناغی شەکەتکردندا پێویستمان بە گەنجان دەبێت و باشترین ڕێگەش بۆ ڕاکێشانی گەنجان ئەو هێرشانەیە کە لە ڕووی شەرع و هۆشەوە پاساوی هەبێت.
٢. لە قۆناغی بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەرەییدا، ڕاکێشانی کەسانێک لە دەرەوەی ناوچەکانی بەڕێوەبردنی ترس بایەخی زۆری هەیە، سەرەتاش لە ڕێگەی پڕپاگەندەوە ئەو کارە ئەنجام دەدرێت و تیایدا نیشان دەدرێت کە ژیان لەژێر دەسەڵاتی ڕێکخراودا ڕێکخراوتر، ئاسایشتر و جێگیرترە و ئەمەش هۆکار دەبێت تا گەنجان ڕوو لە ناوچەکانمان بکەن.

## دامەزراندنی دەزگایەکی ئاسایشی بەهێز

١. پێویستە کە دەزگایەکی ئاسایشی بەهێز دروستبکرێت ئابێتە ستونێکی بەهێز بۆ ڕێکخراو و دەوڵەت لە دواتردا، هەروەها دەبێت کە دزە بکرێتە ناو هێزەکانی پۆلیس، سوپا، ڕۆژنامە، کۆمەڵە ئیسلامییەکان، کۆمپانیاکانی نەوت، کۆمپانیاکانی پاسەوانی تایبەت و دامەزراوە هەستیارەکان (ئەم پێگانە زۆر گرنگە بۆ ڕێکخراوە تیرۆرریستیەکان بەتایبەت ڕێکخراوی داعش لەبەر ئەوەی دەتوانن لە ڕێگەیەوە زانیاری گرنگیان لەسەر کەسەکان و ئامانجە جێگیر و جوڵاوەکان دەست بکەوێت).
٢. ئەو کەسەی کە هەڵدەبژێردرێت بۆ کاری دزەکردن، دەبێت لەلایەک جێگەی متمانەی ڕێکخراو بێت و لەلایەکی دیکەوە کەسێکی ناسراو و ئاشکرا نەبێت و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە ڕووکەش کەسێک بێت کە نزیک نەبێت لە ئایینەوە.
٣. ڕێگەی دزەکردن و گەیشتن بەو جێگەیەی کە کەسەکە بتوانێت زانیاری گرنگ بەدەست بهێنێت دوور و درێژە و پێویستی بەکاتی زۆر هەیە تا بتوانێت جێگەی خۆی بکاتەوە، هەر بۆ ئەو کارە ئازادی تەواو دەدرێت بە کەسەکە تا بە باشی جێگەی خۆی دەکاتەوە.
٤. کاتێک کە پەیوەندی سەرچاوەی زانیارییەکە بە بەرپرسەکەیەوە دەپچڕێت لە بەر هۆیەکی لە ناکاو، سەرچاوەی کار بەردەوام دەبێت لەسەر کاری کۆکردنەوەی زانیاری تا ئەوکاتەی کە پەیوەندی دەکاتەوە بە ناوچەکانی بێسەرەوبەرەییەوە، دواتر بە بیانوی سەردان دەچێتە ئەو جێگەیە و زانیارییەکانی دەگەیەنێت.

## گرنگترین ئەو گرفتانەی کە دێنە سەر ڕێ

١. لەکاتی دروستکردنی جێگەی ئاسایش و ڕێکخستنەوەی ناوچەی بێسەرەوبەرەیی، هیجرەتکردنی خەڵک دەستپێدەکات بۆ ئەو جێگایانە و ئێمەش دەتوانین ئەوجێگایانە بکەین بە ناوچەی مەشق و ڕاهێنان و فێربوون.
٢. پێویستی بە کەسانی بە ئەزمون دێنە ئاراوە لە سەرەتا و قۆناغی یەکەمی ناوچەکانی بێسەرەوبەرەیی، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کارە پێویستە لە دانیشتوانی ناوچەکە نزیک ببینەوە بۆ دانانی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لەبەرامبەر موچەیەکی دیاری کراودا (لەکاتی گرتنی موسڵ، ڕێکخراوی داعش ئەم تاکتیکەی بەکار هێنا و زۆرێک لە کارمەندانی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی لە شوێنی خۆیان دانایەوە تا لەسەر کارەکانیان بەردەوام بن بە تایبەت ئەوانەی کە بەیعەتیان دابوو بە داعش).
٣. گرتنی لایەنگری لایەنەکانی دیکە: لەکاتی

دەستگرتن بەسەر ناوچەی بێسەروبەرەییدا، پارت و گروپ گەلێکی ئیسلامی دەبینین کە هەوڵدەدەن سوار شەپۆلەکە ببن و دۆخەکە لە سوودی خۆیان بقوازنەوە، لێرەدا دەکرێت ڕێکخراو ڕێگە بەو کەسانە بدات کە پێشتر لایەنگری پارت و لایەنی دیکە بوون کە هەندێک ناوچە بەڕێوەبەرن دوای ئەوەی کە بەیعەت بە ڕێکخراو دەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردەبێت لە ژێرچاودێریدا بن.

٤. گرفتی دزەکردن و سیخوڕەکان: سیخوڕەکان ئەوکاتانە دروست دەبن کە ڕووبەری چالاکی و دەستبەسەراگرتن ڕوو لە زیادبوو دەکەن بە تایبەت لە کاتی تێکەڵبوونی دانیشتوانی ناوچەکان، بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا باش بێت، کەمتر سیخوڕ تیایاندا دروست دەبێت و لە بری ئەوە دەبن بە قەڵغان و پارێزەری چەکدارەکان. دەبێت لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە کار لەسەر چارەنوسی سیخوڕەکان و ڕەوایەتی کوشتنی خۆیان و کەسوکاریان بکرێت و ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە چۆن دەست دەگیرێت بەسەر موڵک و ماڵیاندا. دەبێت ناوبەناو بەیان نامە دەربکرێت بە تایبەت دوای ئەوەی کە سیخوڕێک ئاشکرا دەکرێت و سزا دەدرێت و باس لەوە بکرێت کە هەمیشە بواری تۆبەکردن و پەشیمان بوونەوە کراوەیە بە تایبەت بۆ ئەوانەی کە دەڵێن لە ژێر گوشاردا ناچار بوون کار بۆ دەزگا ئەمنییەکان بکەن.

٥. بایەخی کردنە ئامانجی سەرچاوە و هەواڵگرەکانی دەزگاکانی ئاسایش لەبەر ئەوەی بە بێ زانیاری و سەرچاوەی زانیارییەکە نە هێزەکان جوڵەیان پێ دەکرێت و نەدەشتوانرێت کەس دەستگیر بکرێت، هەروەها دەبێت بەردەوامیشبین لەسەر کوشتنی سەرچاوە و هەواڵگرەکان بە ساماناکترین شێوە تا ببن بە عیبرەت بۆ ئەوانەی کە نییەتیان وایە ئەو کارە بکەن. کاری سزادانەکەش دەبێت لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە بە باشی کاری لەسەر بکرێت و لەهەمان کاتیشدا دەبێت پاساوی کوشتنەکەشی بخرێتە ڕوو.

٦. گرفتی پەرۆشی زۆر بۆ ئەنجامدانی چالاکی: زۆرێک لە چەکدارەکان زۆر پەرۆشی ئەوەن کە چالاکی گەورە ئەنجامبدەن و ئەمەش دروست ئەنجامنەدانی کار و بەکەم زانینی بنەماکانی ئەنجامدانی چالاکی وەک چاودێری و خۆئامادەکردن و چۆنییەتی ئەنجامدانی چالاکی. ئەو ئەندامەش کە پێداگری دەکات لەسەر ئەنجامدانی چالاکییەکە پێویستە دوور بخرێتەوە٨.

٧. پێویستە کە دەزگایەکی ئاسایشی بەهێز دروست بکرێت تاببێتە ستونێکی بەهێز بۆ ڕێکخراو و دەوڵەت لە دواتردا، هەروەها دەبێت کە دزە بکرێتە ناو هێزەکانی پۆلیس، سوپا، ڕۆژنامە، کۆمەڵە ئیسلامییەکان، کۆمپانیاکانی نەوت، کۆمپانیاکانی پاسەوانی تایبەت و دامەزراوە هەستیارەکان (ئەم پێگانە زۆر گرنگە بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان بەتایبەت ڕێکخراوی داعش لەبەر ئەوەی دەتوانن لە ڕێگەیەوە زانیاری گرنگیان لەسەر کەسەکان و ئامانجە جێگیر و جوڵاوەکان دەست بکەوێت).

### ئاگادارکردنەوە گرنگەکان بەپێی ئەوەی کە لە نووسینەکەدا هاتووە بۆ زانینی چۆنییەتی کارکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان:

١. چالاکییە جۆرییەکان باشتر وایە ئەنجامدانیان پەلەی تێدانەکرێت و بە بێ وەرگرتنی بۆچوونی فەرماندەیی باڵا ئەنجام نەدرێت بەو پێیەی کە پێویستی بە پشتیوانی هەیە.

٢. پێویستە کە بەهای چالاکی بچوک و لێکەوتەکانی بزانرێت لەبەر ئەوەی هەندێک جار چالاکییەکی بچوک هێندە زیان دروست دەکات کە دەکرێت وەک چالاکییەکەی مام ناوەند بە پێی ئاستەکەی لێک بدرێتەوە. ئەگەر ئەنجامدەرانی چالاکییەکە بنوانن پەرە بە خۆیان بدەن دەتوانن چالاکی گەورە تر ئەنجام بدەن.

٣. نابێت گروپی نوێ و تازەکار چالاکی جۆرییان پێ بسپێردرێت و باشتر وایە وەک سەرەتا چالاکی بچوک ئەنجام بدەن.

٤. هەمەجۆرکردن و بەرفراوانکردنی ئەو ئامانجانەی کە پەلامار دەدرێن بە گروپی جیاواز و بچوک، هەر ئامانجێکیش گەر دوو بۆ سێ جار بکرێنە ئامانج، دەزگا هەواڵگرییەکان دەگەنە ئەو بڕوایەی کە ئەو ئامانجە بەردەوام دەکرێنە ئامانج. (کردنە ئامانجی بەردەوامی موختار و ڕفاندنی جوتیار و شوانەکان و کردنە ئامانجی کارمەندانی دەزگاکانی ئاسایش لە لایەن ڕێکخراوی داعشەوە پیادە کردنی ئەو ڕێنماییە یە).

٥. پێویستە ئەندامەکان خۆیان بەدەستەوە نەدەن و تا مردن شەڕ بکەن و ئەو پرۆسەیە بکەنە کوشتارگایەک بۆ دوژمن و هێزە هێرشبەرەکان.

٦. هەموو گروپێک (گەورە یا بچوک) پێویستە خشتەیەک دابنێت بۆ ئەو ئامانجانەی کە دەبێت بیانکاتە ئامانج بە پێی بایەخ و مەترسییەکەی و پێویستیشە بزانرێت کە کاردانەوەی چاوەڕوانکراوی دوژمن چی دەبێت لەبەرامبەر هەر هێرشێکدا کە دەکرێتە سەر ئامانجە دیاریکراوەکان و دەبێت ئەوەش لەیاد نەکرێت کە پساو بهێنرێنەوە بۆ ئەو هێرشانەی کە دەکرێن.

## ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و ناوچەکانی بێسەرەوبەریی

سەرەتا وا مەزەندە دەکرا کە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی وێنەیەکی دی دەیان ئەو ڕێکخراوانەیە کە شوێنپێی ڕێکخراوی قاعیدەی هەڵگرتۆتەوە، بەڵام خێرایی گەشەکردنی و کەوتنی سیستەمەکان لە بەرامبەری و بایەخ پێدانی نێودەوڵەتیش بەم ڕێکخراوە، ئەوەی سەپاند بەسەر لێکۆڵەرەکاندا کە لە سروشتی ئەم ڕێکخراوە بکۆڵنەوە.٩

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی سەرەتا لەو دەوڵەتانە دەکۆڵێتەوە کە لە ڕووی توندوتۆڵییەوە شلە و گونجاوە بۆ جێگیر بوون بەهۆی نەبوونی ئاسایشێکی بەهێز تیایدا، دواتر دەستدەکات بە هێرشکردنە سەر ئەو دەوڵەتە لە چەند شوێنێکی دیاریکراودا، لەوانەیە سەرەتا ئەو هێرشانە زۆر بەهێز نەبێت بەڵام بەردەوامبوونی هێرشەکان دەوڵەتەکە شەکەت دەکات، بۆ نمونە هێرشکردنە سەر کڵێسایەک وا لە دەوڵەت دەکات ئەو پەڕی هەوڵبدات تا پارێزگاری لە کڵێساکانی دیکە بکات، واتا ناچار کردنی بە خەرجکردنی زیاتر و شەکەتبوونی زیاتر، دواتر هێرش دەکرێتە سەر یەکێک لە بانکەکان، ئەمەش دەوڵەت ناچار دەکات کە پاسەوانی زیاتر بۆ تەواوی بانکەکانی دیکە زیاد بکات، ڕۆژێک دادەنرێت بۆ هێرشکردنە سەر مزگەوتەکان، ڕۆژێکی تر بۆ سەر پردەکان، ڕۆژێکیش بۆ سەر شوێنە گەشتیارییەکان و ئەمە بەردەوام دەبێت تا دەوڵەت بەتەواوەتی دەڕەنێنرێت. ئەوەی لێرەدا جێگەی مەترسییە ئەوەیە کە بۆ هەر یەکێک لەو هێرشانە هێزێکی کەم پێویستە و ئەمەش کاری دەزگاکانی ئاسایش قورستر دەکات. بە پێی بۆچوونی نووسەرەکەش، بەم هێرشە بچوکانە و بە بەرپاکردنی شەڕی ڕاگەیاندن، دواجار سەرکەوتنی گەورە تۆمار دەکرێت و دەوڵەت لە ڕووی ئابووری و سیاسی و ئاسایشەوە هەرەس پێدەهێنرێت. هەر بە پێی ئەم تیۆرە، هێزە دەستەبژێرەکان بە پلەی یەکەم دادەنرێن بۆ پاسەوانیکردن لە گەورە بەرپرسەکان، بۆ شوێنە هەستیارەکانی دەوڵەت، دابینکردنی ئاسایش بۆ نێردە بیانی و باڵوێزخانە و فڕۆکەخانەکان، بەمەش ناوچەی شل لە ڕووی ئاسایشەوە دروست دەکات بۆ دزەکردنی چەکدارەکانی ڕێکخراوەکە و دەستگرتن بەسەریدا.١٠

## دەرەنجام

١. ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بەشێکی زۆری ئەو ڕێنمایی و تێبینیانەی کە لە کتێبی (بەڕێوەبردنی بێسەرەوبەریی) دا هاتووە جێبەجێکردووە و دەیکات.

٢. ناوچەکانی بێسەرەوبەرەیی ئەگەر بچوکیش بن، بەڵام زۆر گرنگن و دەتوانن زەمینەی کاری نوێ و چالاک و بەردەوام فەراهەم بکەن بۆ ڕێکخراوە جیهادییەکان.

٣. لە تەواوی قۆناغەکانی کاری چەکداری گرنگی دەدرێت بە ڕاگەیاندن.

٤. ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی پاساکانی هەڵبژاردنی ئامانجەکان و چۆنییەتی هێنانەوەی پاساوەکان دوای ئەنجامدانی چالاکییەکان پڕاوپڕ جێبەجێ دەکات.

٥. بایەخێکی زۆر دەدرێت بە پاکتاوکردنی سەرچاوە و هەواڵگرەکانی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری بەوپەڕی توندی و سامناکی تاببنە پەند بۆ کەسانی دی.

٦. سیاسەتی تۆڵەسەندنەوە بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ئەژمار دەکرێت .

٧. کتێبەکە بایەخێکی زۆر دەدات بە دروستبوونی ناوچەکانی بێسەرەوبەرەیی، خراپی خزمەتگوزاری، ستەمی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی سیاسی ئەو دەرفەتەی ڕەخساندووە تا ڕێکخراو پاساوی بدات بە بوونی خۆی.

٨. بایەخی ڕەتاندنی ئابووری و کردنە ئامانجی ژێرخانی ئابووری، بایەخێکی زۆری هەیە لەلای ڕێکخراوی داعش بۆ دروستکردنی ناوچەکانی بێسەرەوبەرەیی تا لە ریگەیەوە حاڵەتێک لە ناڕەزایەتی جەماوەری دروست بکات.

٩. دزەکردنە ناو دەزگا هەواڵگرییەکانەوە بە یەکێک لە لەپێشترین کارەکانی ڕێکخراو دادەنرێت لە کتێبەکەشدا زۆر بایەخی پێدراوە لەبەر ئەوەی ئەو زانیاریانەی کە ڕێکخراوەکە دەستی دەکەوێت دەتوانێت بیانکاتە ئامانجی نوێ و لەو ڕێوشوێنانەش بە ئاگا بێت کە لە دژی دەگیرێنە بەر.

## سەرچاوە و پەراوێز

١. د. ليلى حمدان: عرض كتاب ادارة التوحش واخطر مرحلة ستمر بها الأمة لأبي بكر ناجي، ئینتەرنێت (t.ly/Cybl).

٢. احمد فرغلى: قراءة نقدية فى كتاب ادارة التوحش. ئینتەرنێت (t.ly/6ixE).

٣. د. ليلى حمدان: عرض كتاب ادارة التوحش واخطر مرحلة ستمر بها الأمة لأبي بكر ناجي

٤. جمال الشلبي: كتاب «ادارة التوحش».. دراسة وصفية ونقدية، ئینتەرنێت (t.ly/fcdg).

٥. كتاب «ادارة التوحش» – الأسس النظرية لاستراتيجيات تنظيم «الدولة الإسلامية»؟

٦. محمد النظيف: قراءة في كتاب الدولة الإسلامية (ادارة التوحش) للسفير عبد الله حمد الأزرق. ئینتەرنێت (t.ly/SCHF).

٧. غازي التوبة: قراءة في كتاب «ادارة التوحش» لـ «القاعدة، ئینتەرنێت (t.ly/FWBe).

٨. ابي بكر ناجي: ادارة التوحش ... اخطر مرحلة ستمر بها الامة.

٩. د. ليلى حمدان: عرض كتاب ادارة التوحش واخطر مرحلة ستمر بها الأمة لأبي بكر ناجي.

١٠. ابي بكر ناجي: ادارة التوحش ... اخطر مرحلة ستمر بها الامة

١١. كتاب «ادارة التوحش» – الأسس النظرية لاستراتيجيات تنظيم «الدولة الإسلامية»؟، ئینتەرنێت (t.ly/uhCQ).

١٢. عبد الغني سلامة: قراءة اخرى في «ادارة التوحش» وممارسات «داعش»ة ئینتەرنێت (t.ly/HeVg).

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیرانـەکان ناوەندێکـی قازانـج نەویسـتی سـەربەخۆیە، کاردەکات بـۆ ئەنجامـدان و پشـتگیریکردن و هاندانـی توێژینـەوەو پێشکەشـکردنی بـە ڕای گشـتی، هەروەهـا وەرگێڕانـی کتێـب و نوێتریـن توێژینـەوە جیهانییـەکان بـۆ سـەر زمانـی کـوردی و دەوڵەمەندکردنـی لیتریچـەی کـوردی لەبوارەکانـی سیاسـەت و دیراسـاتی ئاینـدە، بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ گرفتـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئەمنییـەکان، ئاگادارکردنـەوەی دەسـتەبژێری سیاسـیی کـورد لـەو هەڕەشـانەی کـە ڕووبـەڕووی کوردسـتان و ناوچەکـە دەبنـەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS